# ئەمریکا دەڕوات، بەڵام .....

ئەگەر تەماشای مێژووی داگیرکاری بکەین مرۆڤ لە ئەزەلەوە کەوتووەتە ململانێ لەگەڵ خودی خۆی و ئینجا دەورووبەردا ، هەوڵی داوە زۆربەی شتەکانی ئەم گەردوونە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئەم تێز و بیردۆز و دیاردەیەش لە مرۆڤەوە گواستراوەتەوە بۆ دەزگا و دەوڵەت و سوپا و لەشکر و دەستە و گرۆپەکان کە وەکو حەز و وەکو بەرژەوەندی تایبەتی ویستوویانە هەیمەنەتی خۆیان بەسەر ئەوانی تردا چ وەکو کەس و دەستە و چ وەکو خاک بسێنن و بەشێک لە خێر و بیری ناوچەکانی تر بۆ خۆیان ببێت ، لە دنیای گلۆبالیزەیشن و جیهانگیری و رۆژگاری ئەمرۆدا چەمکی داگیرکاری گۆرانی بەسەردا هاتووە لە رۆڵەوت و بەرگێکی تردا خۆی نمایش دەکا و دەخاتە روو .

وڵاتانی داگیرکەر پاش داگیرکاری و رووتانەوە و کرانەوەی خێر و بێر ئەو ناوچە کۆلۆنی کراوە هەرچەندە بە سیما و رواڵەت و لە دەزگا فەرمییەکانی خۆیانەوە پاشەکشەی خۆیان لە ناوچەی کۆلۆنیالی کراوەکان راگەیاندووە وەلێ کەم و زۆر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئامادەگیان هەبووە و تاکو ساڵانێکی پاشتر بەشە پشکیان لە خێر وبێرو داهاتی ئەو ناوچەیە هەبووە و هاوکات دارێژەری پشتی پەردە و سیناریۆکانی سیاسەتی ئەو وڵاتە بوونە کاریان بۆ مەرام و مەبەستەکانی خۆیان کردووە تاکو بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە فەوتان دەرباز بکەن .

پاش برانەوەی یەکەمین جەنگی جیهانی عێراق وەکو دەوڵەت فرچکی لەسەر دەستی داگیرکاری گرتووە و دارەدارە و پێرەوکەشەی هەر لە سەر دەست بریتانیەکان بوو ، لەسەردەمی پاشایەتیش سێبەری ئەوان بەسەر هەرمی دەسەڵاتی عێراقەوە هەبوو لە ژێر چاودێری و بە ئاماژەکانی بریتانیا کاروباری دەوڵەتی بە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بەرێوە دەچوو .

لەم قۆناغەدا سەرەتا ئەمریکایەکان لە عێراقدا بە جەنگی گەردەلوولی بیابان دەستیان پێکرد و دواتر بە بەکردەنی و لەسەر ئەرزی واقع لە پرۆسەی ئازادی عێراقدا تەواوی هێزی خۆیان بە کار هێنا و کش مەلیکیان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری کرد و ئینجا خۆیان بە هێزی داگیر کەر لەقەڵەم دا تاکو هیچ دەزگا و دامەزراوەیەکی نێو دەوڵەتی لە هاتن و رۆیشتنیان نەپرسیتەوە و خۆیان ئارەزوومەندانە سەرپشک بن لە تەراتێیکردن و مانەوە و رۆیشتنیان لەم ناوچەیە، بۆ خەڵکی ستەمدیدە و زوڵم چێشتووی عێراق بەهەر ناوێک هاتن گرنگ نییە، بەڵام بەلایانەوە ئەوە گرنگ بوو کە قەڵای غەدر و ستەم و گورزی داپلۆسین و سەرکوتکاری و دەسەڵاتی تۆلیتاریان تەفر و تونا کرد .

بۆ کوردیش ئەو پەندە کوردییە گرنگ و بەرجەستە بوو کە دەڵێت : (دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە)، بۆیە هاتنی ئەوان بۆ ئەو مەهام و ئەرکە جێگەی دڵخۆشی کوردان بوو، نەمانی دەسەڵاتی مەنگەنە ئاسای رژێمی بەعس ئاواتێکی لە مێژینەی کوردان و جوڵانەوە رزگاریخوازەکەی بوو، دۆستایەتی کردنی وڵاتێکی وا زلهێز بۆ گەلێک کە تەنها خوا و چیاکانی کوردستان پشت و پەنای بێت بوو خەونێکی دێرین بوو بەهاتنیان مەست و کەیلی خۆشەویستی یەک لایەنەی کردین .

باراک ئۆبامای سەرۆکی ئێستای ئەمریکا لە سەروەختی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ئەو بەڵێنەی بەخەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کە ئەگەر بووە سەرۆکی ئەمریکا بەرنامەرێژی بۆ کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراقدا دەکات، دیارە ئەم هانگاوەی ئێستا بەشێکە لەو بەڵێنانەی کەی دا بووی وا دەیخاتە واری پراکتیکی و جێبەجێ کردنەوە ، ئەمەش ئەوە دەخاتە روو کە زیاتر خەمخۆر و پەرۆشی گەلانی خۆیانن و مەبەستیان قایل کردنی دڵی ئەوانە نەک مرۆڤایەتی و سۆز و بەزەیی .

چاودێرانی سیاسی مانگی تەمموزی ئەمساڵیان بە خوێناوی ترین مانگ لەقەڵەمدا و پاش مانگی تەموزیش مانگی ئابدا ئەمریکایەکان لە پرۆسەکە خۆی کشانەوەدا و لە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکە بە شەقاو و پێنگاڤی یەکەم هاتنە دەرەوە، و بڕیارە تاکو کۆتای ساڵی 2011 دوا سەرباز و بنەو بارەگەیان لە عێراقدا بپێچنەوە و هەموو گرفت و کێشە کەڵکە بووەکانی ناوخۆ و دەرەکی بەسەر خەڵکی عێراقەوە بەجێبهێڵن ، ئەمەش ئاماژە و دەلالەت لەوە دەکات خۆ دزینەوە بێت لە تەنگ و چەڵەمە و لەباش کردنی بارودۆخ و رەوشی ئیداری و سیاسی و ئابووری ناوچەکە.

ئەمریکا بە هانگاوی یەکەم کشایەوە بەڵام هێیتا تیرۆر مۆتکە و هەرەشەی مەرگ لە زۆر کونج و کەلەبەری عێیاق دەکات و سێیەریان دێوەزمەی تارمایەکانی خەڵتانی خوێن کردنی ژن و منداڵ و پیر و لاوی بێ گوناهی دانیشتوانی عێراقە هێشتا سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگەی عێراقی بە بەر هێرش و پەلاماری تیرۆرستان کەوتوون و دەکەون.

ئەمریکا هێزەکانی دەکشێنەوە هێشتا لە دۆسیەی و پرۆتۆکۆڵەکانیدا لە میتۆد و کارنامەیاندا هیچیان بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد نەکردووە ، کە بەدرێژای مێژوو کۆمەڵۆژی و پاکتاوی نەژادی دەکرێت و تەنانەت لە (14) بەندەکەی (ویڵسن )ی سەرۆکی ئەو سەردەمەی ئەمریکا لە ساڵی 1918 بۆ راگرتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و پرسی یەکلا کردنەوەی کێشەی نەتەوە ژێردەستەکانی ناوچەکە خستیە روو سود مەند نەبوو ، هاوکات لە پرۆسەی ئازادی عێراقدا دۆست و هاوپەیمانی شان بە شانی جەنگ و هێرش و هەڵمەتەکانی ئەمریکا بوو بۆ سەر سوپای عێراق ئێستاش وا خەریکە جارێکی تر مجرۆ دەبێت.

> **بە جێمان دەهێڵن و کێشەی ناوچە دابڕاوەکان وەکو خۆیەتی و کێشەیەکی مەترسیدارە و لە بۆمبێکی تەوقیت کراوی نێوان نەتەوەکانی عەرەب و کورد و تورکمان دەچێت و مادەی (140)ی دەستووری هەمیشەی عێراق هەر پاشقولی لێدەگیرێت**

ئەمریکا دەڕوات و هێشتا دەستوری عێراق هەر مەرەکەبی سەر کاغەزە و زۆر لە پارت و گروپ و ئورگانەکانی عێراق باوەڕیان پێی نییە و بەشتێکی کەم بایەخ تەماشای دەکەن ، تەنانەت ئەو برگە و مادە و خاڵانەی کە تەبابی و برایەتی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەرقەرار و مسۆگەر دەکات نەک جێبەجێ نەکراوە بەڵکو هەنگاویشی بۆ نەنراوە.

هێزەکانی ئەمریکا بە جێمان دەهێڵن و کێشەی ناوچە دابڕاوەکان وەکو خۆیەتی و کێشەیەکی مەترسیدارە و لە بۆمبێکی تەوقیت کراوی نێوان نەتەوەکانی عەرەب و کورد و تورکمان دەچێت و مادەی (140)ی دەستوری هەمیشەی عێراق هەر پاشقولی لێدەگیرێت ، هێشتا ئەو کوردانەی دانیشتوی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان و کێشە لەسەرەکانن بە ناچاری و لە ژێر گوشار و فشاری دەسەڵاتی ناوەندی و هەرەشەی تیرۆریستان ناوچەکە و ماڵ و حاڵی بە جێدەهێڵن کۆچ دەکەن بۆ ناوچەیەکی ئارامتر .

هێزەکانی ئەمریکا ئۆغر دەکەن و پرسی پێیمەرگە و داهات و بودجە و ... هتد ، لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی کوردستاندا هەر بە هەڵواستراوی ماوەتەوە ، هێشتا وڵاتانی دەوروبەر مرخیان لە داگیرکردنی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان خۆش کردووە دەستپارێزی لە خومپارە هاویشتن و تۆپباران و قسور لە هێرشکاری ناکەن و سنور و سەرحەد دەبەزێنن ، خەڵکی سیڤیل دەکوژن و لە زێد و مەئوای خۆیان ئاوارەیان دەکەن .

هێزەکانی ئەمریکا خۆیان دەپێچنەوە و بار دەکەن لێرە کە زیاتر لە شەش مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بۆ ئەنجومەنی نوێنەران تێدەپەرێ، بەڵام دروست بوونی حکومەت بووەتە هاتنی گۆدۆ و چاوەڕوانی خەریکە هەموو کاتەکە بەسەر دەبات ، لایەنە سەرکەوتووەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن هەر یەکە سەری گوریسێکی گرتووەوە بۆ خۆی رایدەکێشێ و دانوستاندنەکان بەرەو کۆڵانی داخراو دەڕوات ئەگەر دەستێوەردان و ئاماژەکانی ئەمریکا فریای نەکەوێت ، ئەمانە سەدان دۆسیە و کێشە و گیروگرفتی لەو بابەتانە بە نیوەناچڵی و بە بێ چارەسەر ماونەتەوە .

من نالێم نەڕۆن، با بڕۆن و ئۆغریان خێر بێت بەڵام کاتێک ئەم ناوچەیە بە جێدەهێڵن کە کورد واتەنی عێراق شامی شەریف بێت و مافەکانی کوردیش بەتەواوی لەو شامەدا فەراهەم و دابین کرابێت ، با لە یادەوەری ئێمەدا بەجوانی بڕۆن و یاگادریەکانیان تۆمار بکەن و شانازی لە دووتوێی لاپەڕەکانی بۆ خۆیان تۆمار کردبێت و چۆن شیر ئاسا هاتن ئاواش شێرانە بڕۆن.



حوسێن ئیسماعیل خان دەڵۆ
husin2008@yahoo.com

# ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکات، خەونی تورکیا پوچەڵ دەبێتەوە

لە دوای روخانی ئیمپراتۆری عوسمانلی لە یەکەمین جەنگی جیهانی لە سەدەی رابردوودا، هەرگیز هیچ حکومەتێک بە ئەندازەی حکومەتی پارتی دادوگەشەپێدان خەونی بە باڵادەستبوونەوەی تورکیای لە رۆژهەڵاتی ناڤین نەبینوە. هەرچەندە کە کەمال ئەتاتورک بە پشتیوانی کورد توانی پاشماوەی عوسمانلی رزگار بکات و تورکیای نوێ بنیات بنێ، بەڵام هەرگیز خەونی بە زیندوکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلیەوە نەدەبینی.

کاربەدەستانی پارتی دادوگەشەپێدان لەو ساڵانەی دواییدا بەتایبەتیش لەوەتەی تەنگژەی نێوان ئەنکارا و تەلئەبیبیان دروست کردوە، چاوی جیهانیان بەرەولای خۆیان راکێشاوەتەوە. دەیانەوێ لەرێی گەڕانەوەیان بۆ لای عەرەب و ئیسلام شیان و رۆڵی خۆیان بەهێزتر پێشانی جیهان و وڵاتانی ئەوروپا بدەن. ئەگەر لەسەروبەندی یەکەمین جەنگی جیهانیدا هەندێک موسڵمان لە پێتەختی وڵاتانی موسڵماندا ئاڵای عوسمانلیان بەرز کربێتەوە، ئەوە ئێستا یەکەمین جارە کە دوای 90 ساڵ، ئاڵای تورکیا لە شەقامەکانی وڵاتانی عەرەبیدا بەرز بکرێتەوەو شانازی بە تورکیاوە بکرێ.

لەوەتەی تەیب رەجەب ئەرۆگان هەوڵی داوە گەمارۆی ئابوری سەر



غەززە بشکێنێ، ناوبانگێکی زۆری پەیداکردوە، جێی خۆی لە دڵی هەزاران هەزار عەرەب دا کردۆتەوە، ئێستا لەوانەیە لە هەموو سەرکردەیێکی عەرەب خۆشەویست و پڕ لایەنگرتر بێت.

رەجەب تەیب ئەردۆگان بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندی باشی لەگەڵ سوریاو وڵاتانی عەرەبیدا هەیە، وەک ناوبژیوان لەگەڵ ئیسرائیل پشتی پێدەبەستریێ و سەرپشک دەکرێ. ئێستا حکومەتی تورکیا پێوەندی باشی لەگەڵ بزاڤی رزگاریخوازی فەلەستیندا هەیە، ئەگەر بتوانی ئاستی ئەو پێوەندیە بپارێزێ، دەتوانێ نوێنەرایەتی فەلەستینیەکان بکات لە دانوستاندنی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دا، چونکە بەدرێژایی 60 ساڵی رابردوودا تورکیا پێوەندی باش و پتەووی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبووە، ئێستاش لە بواری دیبلۆماسی، ئابووری، سەربازی و سیاسیدا لە ئاستێکی بەرزدا پارێزراوە. بەرپرسانی سەربازی هەردوو وڵات بەردەوام سەردانی یەکتر دەکەن و ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاریکردن پێشان دەدەن.

جێی ئاماژەیە کە تورکیا ئەندامی پەیمانی ناتۆتە، لەنێو جیهانی ئسیلامیشدا نزیکترین دۆستایەتی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە. سوپای هەردوو وڵات پێوەندی توندوتۆڵیان لەنێواندا هەبووەو هەیە، ئەگەر ئێستا گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان حکومەتی ئەنکاراو تەلئەبیب دا هەیە، بەڵام پێوەندی نێوان هەردوو سوپا لە جێی خۆی ماوەتەوەو پارێزراوە.

حکومەتی پارتی دادوگەشەپێدان لەوکاتەی کە سوپای ئیسرائیل هێرشی بەرفراوانی کردە سەر کەرتی غەززە هاوسۆزی لەگەڵ فەلەستینیەکان نواند و لە هێرشی راگەیاندنی بەدژی ئیسرائیل بەرپاکرد، هەروەها لە دیدارگەی ئابوری لە داڤۆسی وڵاتی سویسرادا کە کانوونی دووەمی ساڵی 2009 بەرێوەچوو، شەڕە قسە لە نێوان رەجەب تەیب ئەردۆگان و شەمعون پێرز روویدا.

هەرچەندە کە گرژی و ئاڵۆزی نێوان هەردوو حکومەت لە سنوری شەڕە قسە تێپەڕی نەکرد، بەڵام تەیب رەجەب ئەردۆگان سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا و پشتیوانی زۆرینەی خەڵکی عەرەبی بۆ خۆی مسۆگەرکرد.

وێڕای ئەوەی کە رەجەب تەیب ئەردۆگان بەردەوام رەخنە لە سیاسەتی ئیسرائیل بەرانبەر بە فەلەستینیەکان دەگرێ، بەڵام هاوکاری بەرگری و سیخوڕی لەنێوان هەردوو وڵاتدا بەردەوامەو بەرەو پێشەوەش رۆیشتووە. فڕۆکەوانەکانی ئیسرائیل لە شاری قۆنیای تورکیادا درێژەیان بە مەشق و پەروەردەکردن داوە، لهمانگی ئابی ساڵی 2009دا تورکیاو ئیسرائیل و ئەمریکا مانۆڕی هاوبەشی سەربازیان ئەنجام داوە.

وێڕای ئەوەی کە لە پەلاماری هێزەکانی ئیسرائیل بۆسەر کەشتی ئاشتی کە لەتورکیاوە بەرەو کەرتی غەززە دەڕۆیشت و چەندین تورک تێیدا کوژران، بەڵام دیسانیشەوە داوا لە باڵیۆزی ئیسرائیل نەکرا کە ئەنکارا جێبهێڵێ، ئەوەش بەڵگەی بەهێزی پێوەندی نێوان ئەنکاراو تەلئەبیب پێشان دەدات.

ئێستا حکومەتی دادوگەشەپێدان هەوڵ دەدات کە بەهۆی دژایەتیکردن لەگەڵ ئیسرائیل دا هاوسۆزی و پشتیوانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی مسۆگەر بکات، هەربۆیە بەشێوەیێکی ناڕاستەوخۆ بۆ باڵادەستبوونی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێبەرکێ لەگەڵ ئەمریکا دەکات.

حکومەتی دادوگەشەپێدان دەیەوێ هاوسۆزی خەڵکی عەرەب و موسڵمان بکاتە کارتێک تا پێگەی خۆی لەناوخۆی وڵاتدا پێ بەهێز بکات، راستیەکەشی دوای پەلاماردانی کەشتی ئاشتی، خەڵکی تورکیا لە ناوەخۆو لە دەرەوەدا پشتیوانی خۆیان بۆ رەجەب تەیب ئەردۆگان دووپات کردەوە. هەرچی ئەمریکاشە راستەوخۆ رایگەیاند کە لە هاوبەشیکردنی نمونەیی لەگەڵ تورکیا لەلایەن ئۆباماوە لە پێشەنگ دایە.واتە لەmodel partnership.

راستیەکەی هاوبەشیکردن کە لەسەر بنەمای بەهاو پرنسپدا بنیات بنرێ، ئامانجی ئاشتی و هێمنایەتی و گەشەکردنی ئابوورییە لە ناوچە ململانێکانی شوێنە جۆراوجۆرەکاندا.

تورکیا دەزانێ کە بەرژەوەندی هاوبەشی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا هەیە، بەڵام دەیەوێ لە دیوێکی دیکەوە سەرنج و سۆزو پشتیوانی عەرەب و موسڵمانان بۆ لای خۆی رابکێشێ و مسۆگەریان بکات، تا لەوێوە باڵادەستی خۆی بۆ سەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێرێتەوە.

تورکیا لە رێی هاوکاریکردنی ئەوروپاو ئەمریکا لە شەڕی دژە تیرۆردا دەیەوێ باڵا دەستی خۆی بەسەر وڵاتانی قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاستدا مسۆگەر بکات.

تورکیا لەنێو ئەو سەوداوسەرەدا زۆر لێبڕاوانە تێدەکۆشی تا پێگەی خۆی لە ناوچەکەو جیهاندا گەورەتر پێشان بدات و بەو هۆیەشەوە کێشەی کورد پەردەپۆش بکات و بیشارێتەوە، بەڵام مەزنبوونی کێشەی کورد و نزیکبوونەوەی لە بە جیهانی بوون کاربەدەستانی تورکیای هەناسە سار کردوە.

شێوە خەباتی ئێستای پارتی ئاشتی و دیموکراتیک دۆزی کوردی بەروە پێشەوە تەکان داوە، چاودێران پێیانوایە ئەگەر حکومەتی تورکیا راستگۆیانە کێشەی کورد چارەسەر نەکات، نەک هەر خەونەکانی پوچەڵ دەبنەوە، بەڵکو گورزی کاریگەری پێدەکەوێ و بەرەو دارمانێکی دیکە دەڕوات.

هاشم عەبدوڵلا
hashm_abdulla@hotmail.com